**سڵاو بۆ سەرپەرشتی قوتابیی نوێ!**

لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان خوێندنی زمانێکی بیانی لە پۆلی یەکەمەوە دەست پێدەکات.
ناوی زمانەکە زمانی 1A یە. پێشوەختە لەگەڵ منداڵەکەت خۆت بە بژاردەکانی زمان ئاشنا بکە.

**لە تورکو دەتوانیت زمانی ئینگلیزی وەک زمانی 1A لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان بخوێنیت.**

ەگەر خوێندکارێک زمانی ئینگلیزی وەک زمانی 1A بخوێنێت، ئەوا دەتوانێت زمانی 2A لە پۆلی چوارەمیشدا هەڵبژێرێت. قوتابخانەکان زمانی 2A جیاوازیان هەیە. بەڵام خوێندنی زمانی سویدی لە پۆلی شەشەمەوە دەست پێدەکات.

**لە قوتابخانەی هاننونیتو دەتوانیت ئینگلیزی یان ئیسپانی وەک زمانی 1A بخوێنیت.**

گرووپی ئیسپانی دەست پێدەکات ئەگەر خوێندکار ژمارەی پێویست بێت. ئەگەر خوێندکار زمانی ئیسپانی وەک زمانی 1A بخوێنێت، ئەوا لە پۆلی چوارەمەوە دەست بە خوێندنی ئینگلیزی دەکات. هەروەها زمانی سویدی لە پۆلی شەشەمەوە دەست پێدەکات.

ئەگەر منداڵەکەت دەیەوێت زمانی ئیسپانی 1A بخوێنێت پەیوەندی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی هاننونیتو تیمۆ لێهتینێنەوە بکە.

**لە قوتابخانەی لوۆستاریڤۆوری دەتوانیت زمانی ئینگلیزی یان سویدی وەک زمانی 1A بخوێنیت.**

گرووپی سویدی دەست پێدەکات ئەگەر خوێندکار بەشی پێویست بێت. ئەگەر خوێندکارێک زمانی سویدی وەک زمانی 1A بخوێنێت، ئەوا لە پۆلی چوارەمەوە دەست بە خوێندنی ئینگلیزی دەکات.

ئەگەر منداڵەکەت دەیەوێت زمانی سویدی 1A بخوێنێت پەیوەندی بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی لوۆستارنڤۆور یوها مەیێنپە بکە.

**پێویستە زمانەکە هەڵبژێریت کاتێک منداڵەکەت لە قوتابخانە تۆمار دەکەیت.**

**زانیاریی زیاتر:**

ماریا هاستولا، مامۆستای گەشەپێدانی پەروەردەی زمان لە تورکو (قۆناغی سەرەتایی)، ت. 0404827927
marja.haastola@edu.turku.fi
(پرسیارەکانی سەبارەت بە خوێندن وپەروەردەی زمان)

بەڕێوەبەر تیمۆ لێهتینێن، قوتابخانەی هاننونییتتو، ت. 0400944245
timo.lehtinen@edu.turku.fi
(پرسیارەکانی سەبارەت بە خوێندنی ئیسپانی وەک زمانی 1A لە هاننونییتتو)

بەڕێوەبەری یارمەتیدەر یوها مەیێنپە، قوتابخانەی لوۆستاریڤۆوری، بەشەکانی مارتتی و کێرتتولی، ت. 0449074631
juha.maenpaa@edu.turku.fi
(پرسیارەکانی سەبارەت بە خوێندنی سوێدی وەک زمانی 1A لە لوۆستاریڤۆری)

**هەروەها لە تورکو دەرفەتی خوێندنی زمانە جیاوازەکان لە پۆلەکانی زماندا هەیە**

**فێرکردنی دوو زمانە لە پۆلەکانی زماندا**

دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ پۆلەکانی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی هەروەها پۆلی فینلەندی-ڕووسی کاتێک ناوت تۆمار دەکەیت بۆ پۆلی یەکەم. داواکاران بانگهێشت دەکرێن بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی زمان.

لە پەروەردەی دوو زمانەدا پێویست ناکات پێشتر زمانێکی بیانی بزانیت. نزیکەی ٢٥%ی فێرکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بە زمانی ئامانجە لە قۆناغی سەرەتاییدا. هەروەها زمانی 1A ی خوێندکار هەمان زمانی ئامانجە. بەڵام خوێندکار لە پۆلەکانی ١-٢ فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت. پۆلەکان بە زمانی فینلەندی. دەتوانن لە ناونیشانەکاندا زیاتر دەربارەی چالاکییەکانی پۆلی زمان بخوێننەوە www.kieliluokat.fi و www.turku.fi/kieliluokat.

**نوقمبوونی زمانی سویدی**

بەزۆری خوێندکاران دوای پێش قوتابخانەی نوقمبوونی زمان داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ پۆلی نوقمبوونی زمانی سویدی، بەڵام دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ پۆلەکە کاتێک خوێندن دەست پێدەکات. دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ پۆلەکە کاتێک ناوت تۆمار دەکەیت بۆ پۆلی یەکەم. داواکاران بانگهێشت دەکرێن بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی زمان.

لە کاتی پرۆگرامەکەدا خوێندکار بەلایەنی کەمەوە %٥٠ی وانەوتنەوە بە زمانی سویدی وەردەگرێت. لە پەروەردەی منداڵی سەرەتایی و خوێندنی پێش سەرەتاییدا، پشکی زمانی دایکی نزیکەی ١٠٠%، لە پۆلەکانی ١-٢ نزیکەی ٩٠%، لە پۆلەکانی ٣-٤ نزیکەی ٧٠% و لە پۆلەکانی ٥-٩ بە تێکڕا ٥٠%.
زمانی 1A ی خوێندکارەکە سویدییە. خوێندکار لە پۆلەکانی ١-٢ فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت. پۆلەکان تەنها بە زمانی دایکی. دەتوانن لەم لینکەدا زیاتر بخوێننەوە
.www.turku.fi/ruotsinkielikylpyluokat

**زانیاریی زیاتر لە**

سیرککو ئالین، مامۆستای گەشەپێدانی پەروەردەی دووزمانە، ت. 0403580328، sirkku.alin@edu.turku.fi

**ئێوارانی زانیاری بۆ پۆلەکانی زمان (هەروەها سەیری ماڵپەڕەکانی قوتابخانەکان بکە)**

**سێشەمە ٢٠٢٤/١/٩ کاتژمێر ١٨:٣٠**
**/Turku International School https://sites.utu.fi/tis**

**سێشەمە ٢٠٢٤/١/٩** کاتژمێر ١٨:٠٠ قوتابخانەی پوولالا، 14 Kauppiaskatu (ئینگلیزی، ئەڵمانی و فینلەندی-ڕووسی)

*/https://blog.edu.turku.fi/puolala*

**چوارشەمە ٢٠٢٤/١/١٠** کاتژمێر ١٨:٠٠ قوتابخانەی ڤەهە-هێیککیلە (فەرەنسی) */https://blog.edu.turku.fi/vahaheikkila*

**پێنجشەمە ٢٠٢٤/١/١١** کاتژمێر ١٨:٣٠ قوتابخانەی لۆستاریڤۆری بەشی مارتتی (نقومبوونی زمانی سوێدی) */https://blog.edu.turku.fi/martti*

**پێنجشەمە ٢٠٢٤/١/١١** کاتژمێر ١٨:٣٠ قوتابخانەی ئاسایی تورکو (ئینگلیزی) */https://sites.utu.fi/tnk*

خوێندکار لە پۆلی چوارەمدا زمانی ئینگلیزی وەک زمانی 2A دەست پێدەکات، ئەگەر خوێندکار زمانێکی تری جیا لە ئینگلیزی وەک زمانی 1A لە پۆلی یەکەمدا هەڵبژێرێت.

سەرپەرشتیار گواستنەوەی قوتابخانە ڕێکدەخات ئەگەر خوێندکارەکە بە پشتبەستن بە زمانەکە داواکاری پێشکەش بە قوتابخانەیەکی تر بکات جگە لە قوتابخانەی نزیک.

**وانەوتنەوە بە زمانی دایکی قوتابی خۆی (MAI)**

خوێندکار دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ وانەوتنەوە بە زمانی دایکی خۆی، واتە فێرکردنی MAI، ئەگەر زمانی دایکی خوێندکارەکە فینلاندی یان سویدی نەبێت. خوێندکارێک کە فێری زمانەکە بووبێت، بۆ نموونە لە دەرەوەی وڵات، دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ خوێندنی MAI. لە تورکو لە ئێستادا دەتوانیت ٢٨ زمانی جیاواز وەک زمانی دایکی بخوێنیت. وانەوتنەوەکە تەواوکەری پەروەردەی بنەڕەتییە، و هەفتەی دوو کاتژمێرە. تۆ ناوت تۆمار دەکەیت بۆ خوێندنی MAI لە ڕێگەی ویلما لە ژێر داواکاری و بڕیارەکان (داواکاری MAI).

دەتوانن لەم لینکەدا زیاتر بخوێننەوە:
www.turku.fi/monikulttuurinenopetus